# تراژیدیــــــا

**شیعری: عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**

**نەرجسیەتی باڵایی تۆ**
**لە چ ئەرشیفێکدا سەری هەڵداوە**
**عەقڵی نیوە ڕۆژئاوایی و. . . . .**
**نیوە ڕۆژهەڵاتیت. . .**
**لە چ کۆکتێلێکی نوێی ئەمڕۆدا**
**قەتیس ماوە. . .**
**لە چ کلتورێکی ژەنگاویدا**
**تەپوتۆزی شعورت پژاوە. . . !**
**ئەی جەستە زەبەلاحە مۆمیاکراوەکە**
**تارماییە، هیچ لە بارا نەبوەکە. . !**
**تۆ هەموو شتێکیت و. . .**
**هیچیش نیت. . !**

❊❊❊❊❊❊

**ئەی خاوەن ئەزموونی قوڵ و بەر بڵاوی بێ فاریزە و ڕەنگاوڕەنگ**
**خاوەنی سەلیقەی فێڵ و تەڵەکەکانی**
**سەردەمی عەولەمە. . !**
**تەکنیکی هەڵوێستە لەرزۆکەکانت**
**لە کام شوێندا. .**
**پێناسەی سارد و سڕی خۆیان دەکەن. . !**

❊❊❊❊❊

**ئەی کەسایەتییە سێکس بازەکەی**
**ڕاوچی مێینەکانی نیشتمانی ئەنفال و. . .**
**زنجیرەی مەرگەساتەکانی**
**ئەنفالی دوای ئەنفال. . .**

❊❊❊❊❊

**سڵ لە بەها جوانەکان دەکەیتەوە**

چنگ لە بینیان گیر دەکەیت. . . . .

تەمەنی ڕەنج و ماندوبونیان دەسڕیتەوە

گەر بەراوردی سفرەی ژەمێکی

سەر مێزەکەت. . . . . . !

لەگەڵ خوانی ساڵێکی

ماڵە شەهیدێك بکرێ. . .

سەنگی تەرازوو. . . . . . .

بەرەو لای کامیان مل نەوی دەکات. . . . ؟

❊❊❊❊❊

هەموو چاوەکان تۆ دەبینن

هەموو زمانەکان تۆ دەناسن

هەموو گویەکان تۆ دەبیستن

هەموو دەستەکان تۆ دەگرن. . . . !

بەڵام لە ئاستی تارمایی ڕووکەشی تۆدا

هەموو چاوەکان نابینان

هەموو زمانەکان لاڵن

هەموو گوێیەکان کەڕن

هەموو دەستەکان بڕاون

❊❊❊❊❊

ئەی جەستە زەبەلاحە مۆمیا کراوەکە

تارماییە هیچ لە بارانەبووەکە. . !

تۆ هەموو شتێکیت و

هیچیش نیت. . !

سلێمانی

١ / ٥ / ٢٠٠٠